www.kurdistannet.org
3-9-2007 2:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بانگەوازی کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیە کوردستانیەکان لە نەرویج بۆ سەرجەم کوردی دانیشتوی وولاتی نەرویج.**

هاونیشتمانیانی خۆشەویست، ڕەوەندی کورد لە هەر کوێیەک بن لەم وولاتی هەڵکەوتوو لە باکوری ئەوروپا. وەک خۆتان دەزانن دەیان لاوی کچ و کوڕی کورد لێرە بۆ خزمەتی میللەتەکەمان خۆیان کاندید کردووە. کە هەم ئێمە پێویستمان بەوانە بۆ پێشخستنی دۆزی میللەتەکەمان و هەم ئەوانیش زۆر پێویستیان بە دەنگی هاونیشتمانیانی خۆیانە. بۆیە ئێمە بە ناوی گشت پارتە کوردیەکان داواتن لێ دەکەین بە گیانێکی پێشمەرگانە و هەست بە بەرپرسیارێتی تەواو بەرامبەر بە نەتەوەکەمان ڕۆژی 10 سێپتەمبەر ڕۆژانی پێشتر زۆر بە گەرمی بەشداری هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکان وئەنجومەنی گەڕەکەکان بکــەن کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی خاوەن بڕوانامە

لە پایتەخت و شار و شارۆچکەکانی نەرویج دەبینرێن. هاونیشتمانانی کورد، خۆشەویستان، هەر کوردێک تەمەنی لە 18 ساڵ بەرەو ژوور بێ، تکا دەکەین بەشداری چالاکانەی خۆتان بنوێنن بۆ ئەوەی ئێمەش وەک بێگانەکانی تری دانیشتووی ئێرە دەنگمان هەبێ، ڕەنگمان هەبێ، بوونمان هەبێ، ناوی کاندیدە بەڕێزەکانیش لە ڕاگەیاندنە کوردیەکان بڵاو دەکەینەوە و زۆر ئومێدمان بە هــەموو هاونیشتمانیەکمانە بە پیر دەنگمانەوە بێن.

1. . کوردســــتان یموکـراتیدی پارت
2. یـــەکێتــی نیشــــتمانی کوردســـتان.
3. حیزبی دیموکراتی کوردســـــتان - ئێران.
4. حــیزبی شــیوعــی کوردســـــــــتان.
5. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشی کوردستان.
6. یەکـگرتووی ئیـسلامــی کوردستـــــان. پارتی سەربەستی کوردســتان.
7. پــــارتی یەکێـــتی کــورد لە ســـوریا.
8. پارتــی دیموکـراتی کــورد لە باکوور.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.